

# تەنها زامێک دەمێنێتەوە...!



( پێشکەشە بە بزنە شێتەکەی
ڕۆمانی تەمی سەر خەرەند )

ئیدریس عەلی

باران

من کوڕە ئازاکەی گەڕەک بووم
سیخوڕیم بەسەر ئەو ژنانەوە دەکرد
کە لەبەردەم دوکانی نانەواخانەکەدا
سەریان دەکرد بەیەکدا و
لە پاشملە باسیان دەکردیت،
کون نەبوو لە جەرگما و
گوێلاکی ئەو کوڕانەم دەشکاند
کە سیلەی کۆڵان و
سەرڕێی قوتابخانەیان لێ دەگرتی،
بۆ ئەوەی بە جریوەجریو لە خەوی بەیانیانت نەکەن
بەردم دەکرد بە درەختەکەدا و
چۆلەکەم بە پێوە نەدەهێشت،
چەتوون بووم
چونکە تۆ حەزت دەکرد چەتوونبم...!

باشترین یاریچیی تیپ بووم
لە هێڵی پێشەوەی خۆشەویستی یاریم دەکرد و
وەک "ئازاد"
یەکلەسەریەک گۆڵم بۆ دەکردیت:
ئەمە یەک گۆڵ.. ئەمە دوو گۆڵ.. ئەمە سێ گۆڵ،
تۆ لەسەربانەوە "نەسرین" ئاسا
هاوارت دەکرد:
گۆڵم دەویت.. گۆڵی زیاتر...!



شیعر



بووم بە بەقاڵ و
لە قرچەی گەرمادا عەرەبانەی پڕ لە میوەم
بە کۆڵانەکانەکەتانا دەگێڕا،
بووم بە فەرمانبەری میری و
پسوڵەی ئاو و کارەبام بۆ دەهێنانەوە،
بووم بە باخەوان و
گوڵی (هۆڵندی)م بۆ چاندیت،
بووم بە عەتار و
لە بەغداوە عەترم بۆ هێنایت،
وەک مەراق چوومە دڵی شاعیران و
وشەی تەڕوتازەم بۆ دزیت،
" بووم بە ئەکتەر و بێ پڕۆڤە
ڕۆڵی شاعیرێکیان دامێ
تەنیا و غەمگین،
کۆمبارسی عاشقێک بووم
دۆڕاو و دڵشکاو...!

بستێ ڕیشم هێشتەوە و
لەلای پیاوچاکان
دوعای چاونفوزم بۆ کردیت
بەدەم وتنەوەی ناوی ئەسحابەکان
دەپاڕامەوە بەدووربیت لە چاوی بەدکار و
لە بەڵای ناگەهان...!



بووم بە چاودێری سیاسی و
لە هەڵبژاردنەکانا
دەنگم بە حزبەکەی تۆ دا،
وتم قەینا هەرچی نەوتی ئەم وڵاتە هەیە بۆ ئێوە
بەڵام ئەندام شانەیەکی نهێنی ناوشارتان
لە پرۆسەیەکی ئەویندارێدا
زامێکی ناوە بە دڵمەوە
بەهەزاران بیرە مەڵحەم و
تانکەرە حەپی قاچاغ و
بۆڕی دەرزی خاو  و
بەرمیلە شروبی دزراو
سارێژ نابێت...!

بەناو ئاگردا ڕۆیشتم
بۆ ئەوەی خەون بە سوتانمەوە ببینی،
باران ڕەهێڵەی دەکرد و
من بەسەر جادەکانا وەک دەروێشێکی خوساو
 بەزام و خوێنەوە
بەتوێی خەمێکی تەنکەوە
دەهاتم و دەچووم،
بووم بە مجێور و دوای بانگی عەسران
ئینجانەم لە مزگەوتەکانەوە دەدزی و

لەسەر دیواری حەوشەکەی ماڵی ئێوەم دادەنا...!

لە پۆلە ساردەکانا خەیاڵ دەیبردمەوە
مامۆستا بانگی دەکردمە لای تەختەڕەش
پرسیاری جەنگی " ئحود" و
پیتە نەبزوێنەکان و
گیاندارە خشۆکەکانی لێدەکردم،
دەیپرسی:
دڵێ لە دڵێک دەربکەین چی دەمێنێتەوە؟
لە شەرما سەرم دادەخست و دەمگوت: مامۆستا زامێک
تەنها زامێکی لێ دەمێنێتەوە،
مامۆستا لەسەر ئەو زامە پرسیارم لێ بکەیت
دە لە دە دەهێنم...!





-لە شاری هەڵەبجە لەدایکبووە

-لەسەرەتای ساڵی دوو هەزارەوە کاری نوسین و رۆژنامەوانی دەکات

-بەرپرسی بەشی رووناکبیری رۆژنامەی ئاڵای ئازادی بووە.

-ماوەی چەند ساڵێك دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ئاینده و گەلاوێژی نوێ بووە.

-ئێستا بەڕێوەبەری نوسینی (رۆڤار)ە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، -بەشداری ڤیستڤاڵە ئەدەبییەکانی گەلاوێژ و وەزارەتی رۆشنبیری کردووەو خەڵاتی یەکەم و دووەمی بەدەستهێناوە.

-خاوەنی کۆمەڵێك دیوانی شیعرییە کە تازەترینیان دیوانی (دڵی خۆتە لە سینەمدا).